# ئەدەب لە قۆناغبەندیی گەشەی کولتووردا (١)

محەمەد تەها حوسێن (٢)
(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)

## پێشباس

هەندێ بابەت هەن لە دنیای باس و توێژینەوەی زانستیدا ئەگەر لە پێوەندییان لەگەڵ بابەتی تریشدا گومان لە پەیوەستەگیی توندوتۆڵیان ناکرێ، بەڵام وردبوونەوەی توێژەرانە لێیان لەوانەیە و تا ئاستێکی زۆریش وایە دیاردەی دیکەی کولتووریمان بۆ دەرخەن و بمانگەیەننە ئەنجامگەلێک کە پێشتر لێمان دیار و بۆمان ڕوون نەبوون. پێوەندی ئەدەب بە کولتوور و شوێن و پێگەی هەر یەکەیان لەوەکەی تریاندا زۆری لەسەر وتراوە و نووسراوە، بەڵام جۆری چوونە نێو یەکتریان تا ئاستێک لە هەموومان دیار نییە و وا دەخوازێ زێتر بەو دیالێکتیکییەتەی نێوانیاندا شۆڕبینەوە، تا کۆڵێنکاریانە هەندێ چین و ئاستی مێژوویيان لە یەکتر جیابکەینەوە و بیانخەینە نێو پێوەندیی تازەترەوە.

هەڵبەتە ئەوە ڕوونە کە کولتوور لە پێگەی یەکەمیدا سیستمێکە بۆ ژیان و مرۆڤ بە هۆیەوە (مانا) بۆ هەرچی لایەن هەیە لە ژیانی خۆی دەدۆزێتەوە و لە ئەنجامدا شێوازێک لە نوێنەرایەتی سیمبۆلیکی وەردەگرێت و وەک سەرمایەیەکی هێمایی دەردەکەوێ.

ئەدەبیش لەنێو ئەم سیستمەدا شێوازی پێوەندیی تاک و کەسەکان بەو سیستمە هێماییە بەدەردەخات و لە ناخی هەر کەسێکدا ڕایەڵەی بەیەکەوە بەستراوەییان لە فۆرمی شیعر، یان داستانئامێز، یان چیرۆک و هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی فۆرمۆڵە دەبێ و خەیاڵ و واقیع وەک دوو دنیا هەر یەکە لەوەکەی دیکەدا ڕەنگ دەدەنەوە.


لەم کورتە باسەدا هەوڵی ئەوە دەدەین لەنێویەکدا هەڵسووڕانی هەر یەکە لە ئەدەب و کولتوور و قۆناغبەندی ئەوەی یەکەم لەوەی دووەمدا بەدەربێخین و ئۆرگانیانە دۆخی ئەدەب و پێ بەپێ هەڵچوون و باڵابوونی تا ئاستە ئیستێتیکییەکانی لە هەر گرووپ و دەستەیەکی مرۆڤدا نیشان بدەین. لە هەمان کاتیشدا ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکرێ وەک تێزێک سەیر بکرێت و دواتر نووسەران و ئەهلی ئەم بوارە بیخەنە ژێر باس و گەنگەشەوە.

## کولتوور

بە تێگەیشتنە تازە و هەرە نوێیەکەی، کولتوور نوێنەرایەتی ڕەهەندی زەمەن دەکات و مرۆڤ بە تاک و لەنێو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا هەر یەکە زەمەنی خۆی دەخولقێنێت و تێیدا هەڵدەسووڕێت و بە جموجووڵەکانی خۆی مانا دەداتە ئەو زەمەنە و هەیە هیوای زوو تێپەڕینی دەخوازێت و هەشە نایەوێ بەسەربچێت و لێی تێپەڕێ.

ئەوە ئێمەین زەمەن دەبڕین نەک زەمەن بێ و ئێمە ببڕێ، چون زەمەن خولقاو و داهێنراوی خۆمانە و بە چالاکییەکانی مرۆڤ و ئاستی کار و کردەوەکانییەوە بەندە. ئەوەی چالاکانە پێوەندی خۆی لەگەڵ خۆی و ئەوانی تر و دنیا دیاردەکات و هەڵدەسووڕێنێ، ئەوە هۆشیارە بە زەمەن و سات و دەمەکانی بە چێژ و حەزەوە دەگوزەرێنێت، ئەوەش چاوەڕوانی ئەو ساتانە دەکا بۆی بێنە پێش و وای بۆ هەڵکەوێ بەهۆیانەوە ببزوێ، ئەوە زەمەنی لێ بەسەر ناچێت و لە نێو خۆیدا، خۆی دەخواتەوە و لە بازنەی دەوری خۆی تێی ناپەڕێنێ.

گاستۆن باشلار لە کتێبی (جەدەلییەتی زەمەن)دا لەسەر زاری مینکۆفسکی دەڵێ: ئەگەر هاتوو زەمەنی من لە زەمەنی جیهان خێراتر بوو، ئەوە هەستی پێناکەیت و لەنێویدا چالاکانە سەرقاڵی لێ تێپەڕینی ئەویت و دەکەویتە خۆشی و پێکەنین، بەڵام ئەگەر هاتوو زەمەنی جیهان لە زەمەنی تۆ خێراتر بوو، ئەوە ساتێک لات دەبێتە یەکەیەکی درێژتر و وا هەست دەکەیت تاهەتایە بەسەر ناچێت (٣). ئەم شیکردنەوەیە بۆ زەمەن (مانا) لە چالاکییەکانی مرۆڤ وەردەگرێت و بایەخی چالاکی لە ژیانی ئەودا



گاستۆن باشلار

دەسەلمێنێ، بەو مانایەی بوونی هەر یەکەمان بەستراوەی چالاکییەکانی خۆمانە، هەروەک هیگڵ لە «دیاردەناسی ڕۆح» (٤) دا دەڵێ، ئەوەی لە ژیانی خۆیدا بکەر بێ، ئەوە زەمەن خولقێنە و بوونی چالاکانە دەبزوێ، ئەوەش بەرکار بێ ئەوە بوونێکی پاسیڤ و دەرەوەی کاتی هەیە. بوون لەنێو کاتدا شتێکە و لە دەرەوەی کاتیش شتێکی ترە، ئەوەی لەنێو کاتە بەرهەمهێنی مانایە کە لای ئێمە کولتوورە، ئەوەش لە دەرەوەی کاتە بەرهەمهێنی بێماناییە و لە نیشتووەکانی کولتوورە.

ئەی کە کولتوور نوێنەرایەتی زەمەن بکات و ئەو ڕەهەندەمان لە بوونی خۆماندا بۆ دیارکات، چی لەبەرانبەریدا نوێنەرایەتی (شوێن) دەکات؟ ئەوەی شوێنمان بۆ دەکاتە ڕەهەند (شارستانیەت)ـە، واتە بوونە ماتریاڵییەکەیە و لە ئەنجامی دانانی کاریگەری هۆش و عەقڵی مرۆڤ لە زەمەندا بەرهەم هاتووە، وەردەگەڕێتە سەر بوونە شمەکییەکەی خۆی و لە شارسازی و ماتریاڵسازیدا بەرجەستە و فۆرمۆلە دەبێ.

شوێن باکگراوندی زەمەنە، بە مانایەکی

ڕوونتر کولتوور وێنە بەرهەمهاتووەکانی تاک و کۆمەڵگەن لەسەر زەمینە و باکگراوندی شوێندا. کەواتە کەی هەردوو ڕەهەند لەنێو یەک و لەگەڵ یەک و لەبۆ یەک لەکاردا دەبن؟، هەڵبەتە ئەو کاتەی تاک هۆشیار بێ بە بوونی چالاکی خۆی و توانایی ئەوەی هەبێ لەسەر شوێن سیستم بۆ ژیانی خۆی و ئەوانی تر دابمەزرێنێ و دواتر ئەم سیستمە پێ بە پێ سەرمایەگوزاری دەکات و تا وای لێدێ لە چوارچێوەی کولتووردا دەبێتە سەرمایەیەکی سیمبۆلیکی، ئەوجا ئەم سەرمایەیە لە هەرچی کایە و بیاڤی ژیان هەیە نوێنەرایەتی دەکات و ئەدەبیش یەکێکە لەو کایانەی لەنێو هەر کولتوورێکدا شوێن و پێگەی خۆی هەیە، بەڵام بەهێزی و بێهێزییەکەی، یان جوانی و ناجوانییەکەی بە بەهێزی و ساز و لەباری کولتوورەکەیەوە پەیوەستە.

هەر کەسێک تا دەبێتە هەڵگری شوناسێکی تایبەت بە خۆی لەسەر ئەم زەمینە هەوڵی ئەوە دەدات بە خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەر ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەبێ و ئەم ستایلە دواتر لە کردەگەلی خۆگونجان و سازاندا لەچوارچێوەیەکی فراوانتر دەئاخنرێ، تا وای لێدێ دەبێتە شێوازی ژیانی کۆمەڵگە، یان نەتەوە، یان هەر نازناوێک بۆ هەر گرووپ و تاقمێکی مرۆیی، کەواتە ئەوە تاکەکانن هەم شێوازی ژیان بۆ خۆیان دەدۆزنەوە و لەگەڵی ڕادێن و هەم لە ڕێککەوتنی دەستەجەمعیدا شێواز بۆ کۆمەڵگەکانیان دەخوڵقێنن، ئەم شێوازە گشتییە گیانی هەر هەموویانی هەڵگرتووە و شعوور و خەیاڵی گشتی لە کولتووردا وێنە دەکێشێ.

## ئەدەب

دەبێ لە سەرەتا ئەوە بڵێین کە هەر کەسێک لەولاوە هەستێ ناتوانێ خەیاڵ و بینین و خەونەکانی خۆی لە چوارچێوەیەکی فانتازیدا بخاتە ڕوو، یان بینوسێتەوە، ئەوانەی دەچنە بواری کاری ئەدەبی، یان دەبن بە بەرهەمهێنی مانا لە تێکستی جوداجودای ئەدەبیدا، خەسڵەتی چنینی دنیای ناوەوە و دەرەوەی خۆیان لەوانی دیکە زیاتر لێ وەدەرکەوتووە و پێیان گرنگ بووە ئەوەی هەستی پێ دەکەن و لە شعوردانیاندا چالاکە خەیاڵیزەی بکەن و لە چوارچێوەی کارێکی ئەدەبیدا بگاتە ساتەوەختەکانی جوانی.

ئەدەب بریتییە لە ئیستێتیکای خەیاڵ و هەموو خەیاڵێکیش توانایی گەیشتنی بە دۆخی ئیستێتیکی خۆی نییە، لە جوانناسی ئەدەبیدا چێژ و شادی دەبن بە ئەنجامی بابەتەکان و هەر کارێکی ئەدەبی ئەگەر نەیتوانی چێژ لە جوگرافیای خودی نووسەر، یان داهێنەرەکەی تێپەڕێنێ و بیگەیەنێتە ئەوانی دی، ئەوە پێی ناگوترێ داهێنان و نەشگەیشتووەتە ئاستە ئیستێتیکییەکان، چون بەسەر پانتاییەکی فراوانتردا چێژی نەبەخشیوەتەوە.

کارل گۆستاف یۆنگ لەم بارەیەوە دەڵێت: پاڵنەری داهێنان کە باڵاترین مانای خۆی لە هونەر و ئەدەبدا دەبینێتەوە ناچێتە ژێر ڕکێفی لۆجیکەوە، چون لە قووڵایی نائاگاوە ڕیشەی داکوتاوە، هەر تێگەیشتنێکمان بۆی لێڵ نیشان دەدا، ئەوەی هەیە تەنیا لە دەرکەوتنە جوداکانیدا دەردەکەوێ هەرگیز بەتەواوی ناکرێ ڕوون دەرکەوێ (٥).

ئەدەب لەسەرێک وێنە کێشانەوەی دنیایە بەو فۆرمەی لە خودی دەقنووسەکە فۆرمۆڵە بووە، لە سەرێکی دیکەش وێنەکێشانەوەی دنیایە

وەک هەمان دەقنووس دەیەوێ، لەو سەریشەوە وێنەکێشانەوەی دنیایە وەک ئەو هەستی پێ کردووە و دواتر دەشیەوێ ئەم هەستەی بەسەر تەواوی دنیادا ببەشێتەوە. ئەدەب بە مانا ئیستێتیکییە تازەکەی بەخشینی مانایە بەو دنیایەی دەقنووسی تێیدا دەژی، بەڵام لە فۆرمێکدا کە هیچ کەس جگە لەو، توانایی ئەوەی نییە لێوەی نزیک کەوێ، یان وەک ئەو تێی بگات. دەق نووسینەوەی بینینێکە، یان هەست و شعورێکە هەرگیز لای خودی نووسەرەکەشی وەک خۆی لە دووجاردا دووبارە نابێتەوە، یان باشتر وایە بڵێین خودی ئەدیب هەرگیز ناتوانێ شعووری خۆی لە دوو زەمەنی جیاوازدا وەک یەکتر بنووسێتەوە ئەگەر ئەم هەستە، یان شعوورە دەربارەی هەمان بابەتیش بن.

ئەم بینینە دیاردەناسییە (فینۆمینۆلۆجی) یە فێری ئەوەمان دەکات کە دەق، هەرچی بێ (شیعر، ڕۆمان، چیرۆک،....) خولقاوی کەسێکە چووەتە دۆخی خودێتییەکی ئەوتۆوە قەتاوقەت ناکرێ بە ئەمر و فەرمان بە کەسی نووسەر، یان دەقنووس بنووسرێتەوە. لەو بارەدا ئەدەب زمانێکە تەنیا کەسی نووسەر دەیزانێ، بەڵام کە دەبێتە نووسین و دەچێتە بەر دیدی ئەوانی تر هەر کەسە بەو جۆرە تێی دەگا کە بەسەریدا گوزەر دەکات، ئەمە پێی دەگوترێ (بەرهەمهێنانەوەی مانا لە هەر خوێندنەوەیەکی تردا) (٦)، کەواتە ئەدەب بەرهەمێکی تاکۆنیی (ئیندیڤیجوال)یە، ئەگەرچی پەیوەستی گەشەی هزریی کەسێکە لە ژینگە و شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵام ئەو، ئەو کەسەیە کەوتووەتە کارلێکێکی ئۆرگانیکی لەگەڵ شوێن و هەردووکیان کاریگەری خۆیان لەسەر ئەوەی تریان داناوە.

هەموو شتێک، یان باشتر وایە بڵێین هەر بابەتێک لە هەر بیاڤێکی جیادا ئەدەبی خۆی هەیە، زانست و فەلسەفە و هونەر، هەر یەکەیان بەدەر نین لە ئەدەبی تایبەت بە خۆیان، بێ بوونی ئەدەب و نووسینی ئەدەبیانە خەیاڵ و بیرکردنەوە ناچنە دۆخی بەیەکەوەلکانی تەواوەوە و بەرهەمەکەشیان باشلار وتەنی (٧) ئەو تاموچێژەی نابێ کە مرۆڤ لە هەر داهێنراوێکدا دەبێ هەستی پێ بکات، بۆیە ئەوەی گرنگە ئەوەیە لەوە حاڵی بین کە ئەدەب بە ژیانەوە پەیوەستە و جوانی و چێژەکەی بەیەکەوە بەستراونەتەوە و هەر تێکست، یان کارێکی ئەدەبی چێژ بەرهەم نەهێنێ، ناکرێ بگاتە دۆخی ئیستێتیکی و لووتکەی جوانی، چ لە هزری نووسەرەکەیدا، چ لە خوێندنەوەی، یان بینینی ئەوانی تردا.

## دەرکەوتنی ئەدەب لە قۆناغبەندیی زەمەنیی کولتووردا (٨)

لای خۆم پێم وایە و لەوانەیە تا ئاستێکی زۆر ئەم پێوابوونەم زانستیش بێ کە هزری مرۆڤ و شکڵگرتنی لە کولتووردا لە سێ زەمەنی جیادا بە دوای یەکتردا هاتوون، هەر یەکە لەم زەمەنانە ئەوەی تری وەلاوە نەناوە و لە خۆی دانەبڕیوە و بەتەواوی لێی جیانەبووەتەوە، بەقەد ئەوەی بەیەکدا چوونەتە نێو یەک، بەڵام سیما و ڕوخساری هەر قۆناغە زەمەنییە بە ئاشکرا دەناسرێنەوە و دەتوانین لەوەی پێش و پاشەخۆیان جیایان بکەینەوە، لەم قۆناغبەندییەدا هەمیشە ڕایەڵەی پێوەندی لە مرۆڤەوە بەرەو سێ بوونی دیکە چوونە و هەر یەکەیان بەشێوەیەک نەخشاوە، بەڵام

لەهەر زەمەنەدا پێوەندییەکان پەیوەست بوون بە گەشەی هزری و هەر ئەم گەشەیەش بووە دەرکەوتە کولتووری و ئەدەبییەکانی لە فۆرمی جوداجودا ئاخنیوە:

• **قۆناغی یەکەم:** پێوەندی مرۆڤ بە دنیا، یان جیهانەوە، لەمەیاندا پرسیاری (ئەم جیهانە چی بۆ من پێیە و من چیم بۆ ئەو پێیە) دێتە ئارا. هەڵبەتە مرۆڤی ئەو زەمەنە تەنیا ئەوەندەی لەباردا بووە وەڵامی بەشی یەکەمی ئەو پرسیارە بداتەوە و لەم پێوەندییەدا تەنیا و تەنیا بەشی خۆی لە دنیا بچنێتەوە، بێ ئەوەی توانایی ئەوە لە خۆی فەراهەم بکات تا بزانێت ئەی ئەو چی پێیە بۆ جیهان.

لێرەدا مرۆڤ دەکەوێتە سەرسامییەکی ئەوتۆوە و لە ترس و دڵەڕاوکێیەکی ئەوتۆ دەیباتە سەر ناتوانێ لێیان دەربازی بێ بەوە نەبێ خۆی تەسلیمی هێز و یاسا سروشتییەکان بکات و لە خەیاڵ و وڕێنەکانی خۆیەوە مانا بداتە ئەو هێزانەی ئەو پێی وابووە خوڵقێنەری ئەو و هەڵسوڕێنەری ئەم جیهانەن. لەم خەیاڵفڕینەدا میتۆلۆژیا بە هەموو توانایی خۆیەوە چالاک دەبێت و هزر لەو ئاستە سەرەتاییەی دەبێتە هاوڕێی سروشت و یاساکانی و بۆ ئەوەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی یاساکانی زیانمەند نەبێ، ئیدی بە ناچاری خۆی تەسلیمی ئیرادەی سروشت دەکات و بێخەم لێی دەحەسێتەوە.

زەمەنی ئەم جۆرە پێوەندییە زۆر بازنەییانە لە جووڵەدا بووە و لە کوێ دەستی پێ کردبێ هەر لەوێش کۆتایی پێ هاتووە. بەو مانایەی زەمەنی ئەفسانەیی هەروەک داریوشی شایگان لە کتێبێکی خۆیدا بە ناوی (بتە زەینییەکان و بیرگە ئەزەلییەکان)(٩) قسە و باسی لەبارەوە کردووە، دەمانخاتە مۆڵەتی مێژوو و هەڵماندەداتە دەرەوەی زەمەنەوە، چون ئەوەندە چالاک نەبووین توانایی ئەوەمان هەبێ زەمەن بە چالاکی و بزۆزیی خۆمان بەرهەم بێنین و بە جووڵەکانی خۆمانی ببەستینەوە.

لەم جۆرە زەمەنە بازنەییە، ئەم کولتوورە دێتە ئارا کە پڕیەتی لە بەباڵا هەڵدانی سروشت و هەموو ئەو خوداوەندانەی لە زەینی ئەودا هێزمەندی پشتەوەی دیاردەکانی ئەم سروشتەن. بێگومان کولتوور لە پێوەندیی مرۆڤ بە دنیاوە هاتووەتە ئاراوە، بەڵام دەبێ ئەوەمان لا ڕاستەقینە بێ کە ئەوە مرۆڤە مانا دەداتە زەمەنی هەڵسووڕانی کولتوور و سەرەنجام زەمەنی بە مانا وجودییەکەی لێ دێنێتە ئارا، بۆیە بەو پێوەرە بێ زەمەنی وجودی لە کولتووری ئێمەدا لە پشتەوەی زەمەنی گەردوونی، یان فیزیکی شاردراوەتەوە و چون مرۆڤیش لە دەستەپاچەیی و کاڵبیریی خۆیەوە نەیتوانیوە زەمەنی وجوودیی کە لە هۆش و زەینەوە مانا وەردەگرێ، بسەپێنێتە سەر زەمەنی فیزیکی، هەر بۆیە بووەتە بەندەی سروشت و نادیارەکانی پشتەوەی ئەم سروشتە.

ئا ئەمەیە بنەڕەتی کێشەکەمان لە کولتووردا و هەر بەم گرێیانەشەوە لەگەڵ زەمەنی فیزیکی ڕۆیشتووین و هەروەک کارڵ گۆستاف یۆنگ دەڵێ لە نائاگای دەستەجەمعیماندا تا ئێستا کاریگەری ئەم جۆرە پێوەندییە پاسیڤەمان لەگەڵ سروشت پێوە دیارە و هەر یەکە لە دیاردەکانمان لە ڕابوردوویەکی دووردا ئارکیتایپێکی (١٠) مێژوویی بۆ تۆمار کردووین.

لەم جۆرە پێوەندییەدا کولتوور جەوهەر و ڕوخسارێکی میتۆلۆژیانەی دەبێت و پڕی دەبێ لەو دابونەریتانەی کە لە سەرسامی و ناتێگەیشتنمان لە دیاردە سروشتی و میتاکانی هاتوونەتە

ئاراوە، بۆیەش کۆی ئەم دابانە سەرەنجام لە سیستمێکی، یان بەهاگەلێکی فەرهەنگیدا خۆیان دادەڕێژن و دەبن بەو چوارچێوە ستاندارایزەکراوەی ئیدی هەمیشە بەرهەممان هێناوەتەوە و ئەویش کەسایەتی کولتووری و نەریتیی ئێمەی لەسەر سوپەرئیگۆکانی خۆی دروست کردووە.

+ **ئەدەبی ئەم زەمەنە:** ئەدەب لەم زەمەنە بازنەییەماندا، ئەدەبێکی ئەفسانەیی بووە و توانایی و تۆکمەیی تێکستەکانی ڕەنگدەرەوەی توانایی و تینی کولتوورەکە بووە لەو زەمەندا، تەنانەت لە زەمەنی ئێستاشماندا ئەفسانە و تێکست و کارە بەجێماوە هونەرییەکانیشیان نیشانەی بەهێزی و بێهێزیی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانی ئەو زەمەن بوون، واتە ئەفسانە و هزرە میتۆلۆجییەکان لە دەقە نووسراوە فۆلکلۆرییەکانیاندا زۆر جاری وا بووە خۆیان لە کاری هونەری باڵادا ئاخنیوە و بوونەتە پاشماوەی شارستانیی ئەو گەلە مرۆڤەی ئەوسا لەگەڵ دنیادا بەو شێوەیە لە پێوەندیدا بوون.

ئەوەتا ئارکیۆلۆجیا تا ئەو ئاستەی ئەمڕۆ پێیگەیشتووە ئاستە جودا جوداکانی هزری گەلەمرۆڤەکانمان بۆ دەخاتە ڕوو و لەو بەستێنەدا شارستانیەتەکان خۆیان دەدوێن، بە سۆمەری و فیرعەونی و چینی و گریکی و...... تاد یەوە.

ئەگەر ئەفسانە لەسەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤ سەری هەڵداوە، ئەوە بەردەوامیش لەگەڵ مرۆڤ و بیرکردنەوەکانیدا بووە، هەر ئەمەشە هۆی ئەوەی ئەفسانە خزاوەتە ناو زۆربەی بەرهەمە بیرکردنەوەییەکان، تەنانەت بەرهەمە دەسکردەکانی مرۆڤ، یەکێک لە بەرهەمە گرنگ و بەرچاوەکانی مرۆڤ، داهێنانی زمانە، واتە قسەکردن کە دەکرێ بە یەکەمین داهێنان و شۆڕش و خۆجیاکردنەوەی مرۆڤی بزانین لە زیندەوەرەکانی دی (١١).

لەوانەیە و ڕێک وایشە کە ئەدەبی میتۆلۆجی لە چیرۆکە میتۆلۆجییەکان، تەنانەت هەموو ئەو چیرۆکانەی دواتر لە فۆرمی پیرۆزدا پەڕیونەتەوە نێو تێکستە ئایینییەکان، چ ئەو ئایینانەی ئاسمانی بوون، یان ئەوانەش کە هەر لەسەر زەمینەوە بۆ میتافیزیک بەرز بوونەوتەوە. بێگومان چیرۆکە ئایینییەکان لە هەر دەق و کۆدەقێکی پیرۆزدا ئەوەندە زارە و زار و دەماودەمی کردووە زۆر جار چوونەتە قاڵبی هونەریشەوە و لە ماتریاڵی جیاجیادا خۆیان نواندووە، چ پەیکەر بووبن، یان شوێنگەیەک بۆ پەرستن و سرووتی جیاجیای دی.

● **قۆناغی دووەم:** پێوەندی مرۆڤ بە ئەوانی دیکەی جیا لە خۆیەوە، لەم جۆرەی پێوەندیدا مرۆڤ هەوڵی ئەوەی داوە چی دی لەخۆیدا نەچەقێ و هەر لە تەنیاییدا نەیباتە سەر، چون تەنیایی نەک هەر باری دەروونی دەشڵەژێنێ بەڵکوو مەترسییەکانیش لە دەوروبەری خۆی تا دێ لەسەر زیاد دەکات، بۆیە ناچار بۆ خۆپارێزی و خۆ پێ هەڵدانەوە، بیری لە ستراتیجێکی تر کردووەتەوە کە لەوانەیە بەپێی تیۆری هەڵبژاردنی سروشتیش، واتە بە پێی داریونیزمی سایکۆکۆمەڵایەتی پێویستی بەوە بووبێ ئیدی چی دی ناتوانێ بەردەوام زیندوو بێ ئەگەر نەچێتە نێو ئەوانی دیکە و هێزیان لێ قەرز نەکات و لەبەرانبەریشدا هێزوئیرادەی خۆیان تەسلیم نەکات. ئەم شکڵگرتنە لە گەشەی دەروونکۆمەڵایەتی و دەروونسروشتیدا دەیباتە قۆناغێک کە ناومان ناوە (هەمەکی)، یان (کۆلێکتیڤیتی)، واتە خڕبوونەوە لە فۆرمی گەلەمرۆڤ و مێرگەلی (١٢) ئەوتۆدا کە هەڵگری کولتوورێک دەبن هەموو بە هەموو دەجووڵێن و لە بەرانبەر خودی گشتیدا پەرە بە مانەوەی

خۆیـان دەدەن.

ئەم شـێوە پێوەندییە کولتووری کۆللێکتیڤیتیمان بـۆ دێنێتـە بەرهـەم کـە هەنگاوێـک لـە کولتـووری میتۆلۆجـی لەپێشـترە و زیاتـر پەیوەسـتیی بـە دنیـا لەلایـەک و ئەوانـی دیکـەی مـرۆڤ لەلایەکـەی تـر پێـوە دیـارە.

ئەدەبـی ئـەم سـەردەم و قۆناغـە لەنێـو ئاپـۆڕەدا مانـا دەداتـە کارەکتەرەکانـی خـۆی، کێشـەی ئەدەبـی ئـەم زەمەنـە کێشـەی گشـتین و زۆر کـەم وابـووە دەربـڕی دۆخێکـی تاکۆنـی ئیندیڤیجـوال بووبـن، لـە ناخـی تێکسـتە شـیعری و چیـڕۆک و داسـتانەکان، تەنانـەت گێڕانـەوە جوداکانـدا کێشـەگەلی عیشـق و قوربانـی و نیشـتمانچێتی و خاکپـەروەری و شـتی دی سـیمبۆلیزە بـوون و مانایـان دراوەتـێ. لـەم قۆناغـەدا ڕۆمانسـیزمی کولتـووری بووەتـە پاڵنـەری ڕۆمانسـیزمی ئەدەبـی و تـا ئێسـتاش لـە کولتـووری جیاجیـادا ئەدەبـی هـەردوو قۆناغـی یەکـەم و دووەم تێکهەڵکێشـی یەکتـر بـوون، یـان ئەوەتـا بـەردەوام لـە فۆرمـی شیعر و ڕۆمـان و ژانری جیاجیـای دیکـەی ئەدەبی و هونەریـدا بەرهـەم دێنـەوە.

لـە قۆناغـی پێوەنـدی هەمـوو بـە هەمووانـەوە، ناسیونالیزم و مۆدێرنیزم و نیشـتیمان و دەوڵەتسازی دێتـە ئـاراوە و هیگڵیانـە هەمـووە لەیەکتـر جـوداکان خۆیـان لـە قـەوارەی یەکگرتـوو دەئاخـن و بـە مانـا سیاسـییەکەی لـە دەوڵەتـی سیاسـی و نەتەوەییـدا فۆرمۆلـە دەبـن. کاتـێ کـە کولتوور مانای سـەربەخۆیی خـۆی و هێـزی خـۆی لـە قـەوارەی ناسیونالیسـتی نیشـتیمانیدا دەبینێتەوە، بەو مانایەیە کە ڕۆمانسـیزمی کولتووری لەگـەڵ ڕۆمانسـیزمی سیاسـی و نەتەوەییـدا یەکگرتـوو سـەرەنجام ئـەدەب و هونەریـش هـەر بـەو ئاراسـتەیە سـتایلی خۆیـان دەگـۆڕن. ئەدەبـی ئـەم قۆناغـە لـە موڵکایەتیـی نەتـەوە و کۆمەڵگـە دەرناچێت و کـەم وابـووە ژانرەکانـی دەربـڕی وجودییانـەی خـودە سـەربەخۆکانی تاکـەکان بـن، ئەگەرچـی ڕۆمـان هەیـە کێشـەی سـایکۆلۆجی و خـودی کـەس وەک دۆخێکـی بوونگەرایـی دەخاتـە ڕوو، وەک ڕۆمانـی (تـاوان و سزا)ی دۆستۆیڤسـکی و (دایـک)ی مەکسـیم گۆرکـی، بـەڵام ئـەم دووە و زۆری دیکـەی هاوشـێوە چ لـە ئەدەبـی ڕووسـی، چ لـە ئەدەبـی ئەورووپـی و ئەمریکـی، ڕۆمانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـین و دەربـڕی دۆخـە کۆلێکتیڤیتیـە گشـتییەکەن و ئەوەنـدەی ناسـۆری کۆمەڵـگە و سیستمە بەهاکانـی دەخەنـە ڕوو ئەوەنـدە ناسـۆری تـاک و دۆخـە خودییەکـەی وەک بوونێـک کـە دەیـەوێ خـۆی بـێ ناخەنـە بەرهەسـت و جەسـت.

- **قۆناغـی سـێیەم:** پێوەنـدی مـرۆڤ بـە خـودی خۆیـەوە، ئـەم پێوەندیـە زۆر وجودییانەیـە و دابەزیـن و هاتنـە خـوارەوەی مرۆڤـە لـە نادیـار و ئەودیوەکان، بـۆ ئـەوەی ئیـدی خـۆی بکاتـە بابەت و لەنێـو خۆیـەوە بـۆ هەرچـی نهێنـی ئـەم دنیـا و گەردوونـە هەیـە بگەڕێـت، بـۆ ئـەوەی دەربـڕی دۆخـی (خۆبـوون) بـێ و ئـەوەی لـە ناخـی خـۆی وەک قەوارەیەکـی ئیندیڤیجـوال هەیـە وەرگێڕێتـە سـەر زمانـی (من)ـە هۆشـمەندەکان. ئـەم (مـن) انـە هەمیشـە لـە پێوەندیـدان لەگـەڵ (خـود) ـەکانی خۆیـان و پێیـان وایـە خۆیـان نزیکتریـن و واقیعیتریـن بابەتێکـن کـە ببـن بـەو ئەنتۆلۆجیایەی دەکـرێ لێـی بکۆڵرێتـەوە.

کولتـووری ئـەم قۆناغـە مـرۆڤ وەک تاکێکـی خـاوەن ئیـرادە و ئـازاد دەکاتـە مەبەسـت و هەریەکـە لـەم کەسـانەش کـە هەڵگـری کەسـایەتی تایبـەت بـە خۆیانـن سـەرەتا پێیـان وایە تـا خۆیان نەناسـن و لـە خۆیـان وەک بوونـەوەری عاقـڵ و هۆشـیار تێنەگـەن و لـە هەمـوو ڕووە بایۆلۆجـی و سـایکۆلۆجی و فیزیکی و کیمیکی و فسیۆلۆجی و ڕۆحانـی.... و شـتی تریـش سـەبارەت بـە خۆیـان

نەزانن توانایی ئەوەیان نابێ لە نهێنییەکانی ئەم دنیایە، ئەوجا گەردوون بزانن. مرۆڤی ئەم قۆناغە ئازادی و خۆشەویستی و کەرامەت و مۆراڵی ئینسانی بەلاوە گرنگە و دەیەوێ لە هەموو ئەم چەمکانە تێبگات، تەنانەت خولیای ئەوەیە مانا بۆ مردنیش بدۆزێتەوە.

مرۆڤی (بەخۆبوو)، یان خاوەنی خۆی، لە خۆیەوە بۆ نێوەخۆی و بۆ دنیا دەردەچێت و خۆی سێنتەرە و چیدی لە دەرەوەڕا نابزوێ، هەر بۆیە کولتووری ئەم زەمەنەی ئەم جۆرە کەس و خودەی تێدا چالاکە، کولتوورێکی نەترس و بوێرە و هەرچی مێژوو هەیە دەخاتە بەر پرسیار و لەو تێگەیەشەوە نیازی ئەوەی هەیە سەرەتایەکی تر بۆ مێژوویەکی تر تۆمار بکات، تێیدا خۆی بنووسێتەوە نەوەک هەر بە تەنیا ئەوانی تر، کە دەڵێین مرۆڤی ئەم قۆناغە ئازادی و خۆشەویستی و کەرامەت و مۆراڵی بەلاوە گرنگە، مەبەست تێیدا بە حەتمی بینینی مرۆڤ نییە کە هەر هەمووی (باشە) بە مانا دوانەییەکەی (خێر و شەڕ)، بەڵکوو ئەوەی هەیە ئەوەیە ئەم مرۆڤە ئەگەر لێسبیەن بێ دەڵێ لێسبیەنم و ئەوەی هۆمۆیە دەڵێ هۆمۆم و ئەوەی دزە دەڵێ دزم و ئەوەی هەرچییەکە خۆیمان بۆ نمایش دەکات. ڕەنگە و لەوانەشە تا ئاستێکی زۆر وابێ کە ئەمە ئازادی و یاسا مرۆییەکانن ئەم بوارەیان لە ئەنجامی گەشەی یاسا مرۆییەکان لە بەرانبەر یاسا سروشتی و مۆراڵییە ئایینی و میتۆلۆجییەکان ڕەخساندووە، هەر بۆیە ئەو ئازایەتییەی تێدا ڕواوە خۆی وەک هەیە نمایان بکات بۆ دەرەوەی خۆی، ڕاستییەکەی هەر ئەمەیە خۆبوون و ئەم بینینەش ئەنجامی کۆشینێکە مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە و ئەم قۆناغەش باشترییەکەی لەوەدایە تاکەکانی کەمتر ناخی خۆیان دەشارنەوە، بۆیە کولتووری ئەم زەمەنە هەم بوێرترە لە جاران و هەمیش زیاتر چەقی بایەخی لەسەر خودێتیی تاکەکانیەتی، ئەم دۆخە ڕێک لە سایکۆلۆجیادا پێی دەڵێن: (خۆئاشکراکردن) (١٣).

کاتێ ئەدەب و هونەریش لە هەناوی کولتوورێکی وەهادا دێتە ئاراوە، ئەوە زیاتر تاکەکانن خۆیان دەنووسنەوە، نەوەک ئەوانی تر و لەلایەکی تریشەوە نووسەرەوەی سروشت بن.

خۆنووسینەوە گەیشتنی ئەدەبە بەو قۆناغەی کە نووسەران و داهێنەرانی دەبن بە ئاوێنەی دەرخستنی خۆیان، تا ئاستێکی باش وەک هەن و ڕاستییەکەی هەر ئەوەیە هەروەک سیگمۆند فرۆید دەڵێت ناخی ئەدەب و هونەرە و دەربڕی هەست و نائاگای داهێنەرەکانیەتی و دواتر دەبێتە بابەتێک دەکرێ پێی بوترێ ئەدەبی ڕاستەقینە، یان هونەرێک ناخی داهێنەرەکەیمان بۆ دەخاتە ڕوو.

هەڵبەتە لە ڕێگەی ئەم جۆرە داهێنراوە ئەدەبییانەوە، کە ناخی نووسەران و خوڵقێنەرانمان بۆ دەخەنە ڕوو، دەتوانین ئارکیۆلۆجیانە زەمەنی گەشەی ئەوان و کۆمەڵگەکانیان بخوێنینەوە و ئاستی پەرەسەندنی هۆشیاری چ تاکەکان لە لایەک و چ کۆمەڵگەکانیان لە لایەکەی تر وەخوێنین.

لە شیعرەکانی نیتشە و تێکستەکانی کیرکەگۆرد و سیناریۆکانی سارتر و ڕۆمانەکانی سەدەی بیست و سەرەتای ئەم سەدەیەش ئەم جۆرە ئەدەبە دەبینین، تەنانەت لە سینەمای ئەم زەمەنەشماندا ئەم خۆبوون و ئەوبوون و هەموو بوونە دیارە و ئەوەی ئەم قۆناغە کردوویە بە سێنتەر مرۆڤە وەک کێشەیەکی هەرە گەورە نەوەک کۆمەڵگە و

خاک و نیشتمانەکانیان.

ئەوەی لە ئەدەبی ئەم زەمەنە، جا چ لە ڕۆمان، یان شیعر، یان هەر دەق و کارێکی تر زیاتر دیارە، ناڕۆمانسیبوونی ڕۆحی دەق و هۆنینەوەیەتی و ئەوەی تیایەتی زیاتر وەنزیککەوتنی ئەدەب و هونەرە لەو لۆژیکەی کە جۆرێک لە وشکەڵانی دایگرتووە و هەر لەوانەشە ئەم خاڵە بێ ناوە ناوە بۆ حەسانەوەی مێشکی خۆمان بۆ ئەدەبی کلاسیک، هەروەها زەمەنی ڕۆمانسیزممان دەگێڕێتەوە.

ئەم گەڕانەوەیە لە دەروونشیکاری ئەدەبیدا بە (گەڕانەوە- نکوص) دەخوێنرێتەوە، کە خۆ زاخاوکردنەوەیە بە نۆستالیجیا، چون پێمان وایە ئەدەبی ئەم زەمەنە هەر بەرەو خۆمان قووڵمان دەکاتەوە.

بەڵام ڕاستییەکەی چوونەوە نێوە نێوە خود مانای دابڕان لەوانی دیکە و لە دنیا ناگەیەنێ و ئەگەر هەشبن لە ئەدیب و هونەرکاران وەهای لێ حاڵی بووبن ئەوە جۆرێکە لە بینینێکی نارسیسیانە، لەبەر ئەوەی خۆبوون لوتکەی ئەوی دیکە بوون و دنیابوونی تێدا دەخوێنرێتەوە و ئەوجی مرۆڤبوون لەو تەرزە ئەدەب و هونەرەدا دەبینرێ و لەو جۆرە ئەدەبەدا مرۆڤ خاوەنی نەک هەر خۆی، بەڵکوو دنیا و ئەوانی دیکەشە چون لەوە حاڵییە کە بێ ئەوان نەک هەر توانایی ژیانی زەحمەتە، بەڵکوو بابەتەکانیشی ناوی داهێنانی مرۆڤانەیان لێ نانرێ.

ئەدەبی ئەم زەمەنە لەسەر بنەمای جیاوازی دەنووسرێتەوە و ژانرەکانی تریش هەروەها، ئەم پەرەدانە بە جیاوازی جۆرێکە لە بەرهەمی حەتمییەتێک کە مێژوو پێی گەیشتووە، ئەگەر ئەم حەتمییەتە هیگڵیانەش نەبێ، دایناميکییەتێکی سۆسیۆکولتوورییانەیە و ئەدەب تێیدا ئەوەندەی دەمانباتەوە نێوە خۆمان ئەوەندە کلاسیکییانە نامانباتەوە دۆخە بەسەرچووەکان. کارەکتەر لە دەقی ئەدەبی ئەم قۆناغەدا بە کێشە و خەیاڵە وجودییەکانەوە سەرقاڵە و بوونی مرۆڤی بەلاوە گرنگە کە ڕاستییەکەی تا ئەمڕۆ هیچ چوارچێوەیەکی مەعریفی ئەم خودەی بە تەواوی نەدۆزیوەتەوە.

کارەکتەری ئەم دۆخە خۆی لەنێو کۆمەڵ و گشتدا دەپارێزێ، نەک کۆمەڵگە لە خۆیدا.

## ئەدەبی ئێمە لە کوێی ئەم قۆناغانەیە

کە مارکس دەیگوت ئاسیاییەکان تایپی بەرهەمی ئابووری تایبەت بە خۆیان هەیە (شێوە بەرهەمی ئاسیایی- نمط الانتاج الآسیوي)، تا ئاستێک لەوانەیە ڕاستی گوتبێت، کە هیگڵیش دەیگوت: ئاسیاییەکان هەمیشە شۆڕش دەکەن بۆ ئەوەی تاکە کەسێک ئازاد کەن (١٤)، دیسانەوە زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە، هەر بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە پێمان وایە لە ئەدەبی کوردیدا هەرسێ قۆناغی پەرەسەندنی ئەدەب دەبینینەوە، ئەو دەقانەی بەردەوام میتۆلۆجیانە دەدوێن و ئەوانەش هەمیشە ڕۆمانسییانە و کۆلێکتیڤییانە و ئەوەش کە لە کێشە و خەیاڵە وجودییەکان شکڵ دەگرێ، بەڵام ڕاستییەکەی جۆری سێیەم تا ئاستێکی زۆر ئەوەندە ڕوون نییە، دەکرێ هەبن لە دەقنووسان بە شاعیر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و ئەوانی ترەوە پەیبردنی خۆیان بۆ دنیا و خەیاڵی وجودیانە و پراگماتیانەی خۆیان دیاردەناسییانە وەرگێڕابێتە سەر زەمینی واقیع، بەڵام لەوانەیە تەنیا لە هەندێک ئاماژەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوێ، مەگەر نا بە زەقی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە هەر لە ئاستی ئەگەرە و نەچووەتە ئاستی واقیع.

ئەدەبی کوردی هەمیشە گیانی هەمەکی و گشتیی لەسەر شوێن کە ژینگە و خاکە لە دەقی جیاجیادا چنیوەتەوە، لە تێکستی کوردیدا خاک گرنگە، ئەوانی تر گرنگن، (من)، یان (خود)ـە سەربەخۆکان گرنگ نین، یان نەبوونەتە بابەتی سەرەکی و تەون و گرێی ئەدەبیان بۆ هەڵنەنراوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە نزمی ئاستی دەقنووسانی ئەدەبی، چون خۆناسی و خۆبوون کە دەبێتە بابەتی ئەدەبیی پێویستی بە نووسەرێکە توانایی کردنی پرسیارە وجودییەکانی هەبێ و لە هەمان کاتیشدا توانایی خەیاڵیزەکردنی ئەم پرس و کێشانەی فەراهەم بێ.

کەواتە ئەدەبی کوردی هەر لە ئاستی گەشەی تاک و کۆمەڵگەکەی ماوەتەوە و نەیتوانیوە لە هزری سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی نەتەوە تێیپەڕێنێ و ڕاستییەکەی ناتوانێ تێیپەڕێنێ، چون هەموو ئەم کایە و بوارانە بەستراوەی یەکترن و هەر یەکەیان ڕەنگدەرەوەی ئەوانی ترە. لەوانەیە ئەم مانەوە و گیربوونە پێوەندی بە گوتاری مانەوەی نەتەوەییمانەوە هەبێ، کە تا ئێستا ئەم دڵەڕاوکێ جوگرافی و وجودیە وەک بوون و مانی گشتیانەی وجودی نەتەوە بواری ئەوەی نەدابێتە ئەدەب بچێتە ئەو قۆناغەی تێیدا ئیدی تاک کێشەی کۆمەڵگە و نەتەوەی نەماوە و کەوتووەتە دۆخی بەخۆوە سەرقاڵبوون و کارکردن بۆ تاکگەرایی و دامەزراندنی ڕێز بۆ ئەو وجودەی کە تەنیا بە ئازادییەکانی ئەو تەواوی ئازادی و ئازادبوونەکانی تر دەپێورێن. لەسەر ئەو ئاوازەی (ئازادی تاک سەرچاوەی ئازادی کۆیە، نەک ئازادی کۆ سەرچاوەی هی کۆ بێ)، ئەمەش لە چ کاتێک؟ هەڵبەتە لەو کاتانەی ئیدی هەردوو دۆخەکە لە ئازادی داینامیکیانە یەکتر بەرهەم دێننەوە و پارێزەری یەکتر دەبن.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) لەسەر داوای ئەدیب و ڕەخنەگری ئەدەبی کاک ئازاد عەبدولواحید سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان ئەم بابەتە بۆ فیستیڤاڵی یەکەمی ڕامان، (٢٠٢٣) نووسراوە.

(٢) محەمەد تەها حوسێن: دوکتۆرا لە دەروونزانی کەسایەتی - زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب. نووسەر و توێژەر لە بواری هزری سایکۆلۆجی.

(٣) غاستون باشلار (١٩٩٢). جدلية الزمن، ت: خليل أحمد خليل، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر- بيروت، ط٣، ص١١٤.

(٤) الدكتور امام عبدالفتاح امام (٢٠٠٩)، هيجل... ظاهراتيات الروح، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، ط٣، بيروت، ص١٤٧.

(٥) كارل غوستاف يونغ (٢٠١٤)، الروح في الانسان والفن والادب، ت:سلام خير بک، دار الحوار، ط١، ص١١٩.

(٦) ئەم خوازەیەم لە کتێبی «مرۆڤ بە دوای واتادا دەگەڕێ»ی ڤیکتۆر فرانکل وەرگرتووە، لە چاپە عەرەبییەکەی، کە دوکتۆر عەبدولعەزیز ئەلقەوسی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، (دار القلم)، چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨٢ کردووە.

(٧) باشلار وتەنی: مەبەست لێی تێڕوانینێکی گاستۆن باشلارە بۆ بەیەکەوە هاوڕێبوونی ئەدەب و زانست، یان هەر کایەیەکی دیکە، ئەمەشی لە کتێبێکی خۆی بەناوی «ئاو و خەونەکان- الماء والاحلام.... دراسة عن

الخيال والمادة» خستووەتە ڕوو، کە مەرکەزی دیراساتی وەحدەی عەرەبی، لە ٢٠٠٧ چاپی یەکەمی کردووە و ئەدۆنیسی شاعیری گەورەی عەرەب لە پێشەکی ئەم چاپە عەرەبییە قسەی لەبارەوە کردووە.

(٨) بیرۆکەی ئەم قۆناغبەندییەم لە سێ جۆر پێوەندییەکەی سایکۆلۆجیستی بوونگەرای ئەمریکی (ڕۆلۆ مای) وەرگرتووە کە بۆ زەرووڕەتی دروستیی دەروونیی تاک و کەسایەتی زانیوە و بەکاری هێناوە، بەڵام من لێرەدا بردوومەتە لایەکی تر و پێم وایە هەر لە بنچینەدا ژیانی مرۆڤیش دابەشی سەر ئەم ٣ جۆرە لە پێوەندی دەبێ. ڕۆلۆ مەی ئەم سێ جۆر پێوەندییەی لە کتێبی(سۆراخکردن و پشکنینی بوون) ئاماژە پێ کردووە.

(9) ROLLO MAY(2015).The Discovery of Being,W.W,NORTON COMPANY,NEW YORK.

(١٠) داریوش شایگان (١٣٩٢ - هجری شمسی). بت های ذهنی و خاطره های ازلی، چاپ هشتم، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.

(١١) ئارکیتایپ: لای یۆنگ مانای نموونەی یەکەمە لە مێژووی خیبرە و شارەزاییەکانی مرۆڤ و وەک یەکەم فۆرمی زانین لە کۆنەستی مرۆڤدا سەردەم دوای سەردەم دەگوازرێتەوە.

(١٢) د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن (٢٠٠٧). پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی... لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری شیکارییە لەنێوان (ئەفسانە - ئایین - فەلسەفە - زانست) ڕەنج، چ١، ل٦١.

(١٣) مێرگەل: داتاشراوێکی خۆمە و لە جیاتی مێگەل، یان نێرگەل بەکاری دەهێنم، چون پێم وایە هەریەکە لە نێرگەل و مێگەل تەنیا دەربڕینن لەسەر ڕەگەزێک، بەڵام (مێرگەل) هەم نیوەی (مێ)ی تێدایە و هەم (ر) کە نیشانەیە بۆ نێر، بۆیە مێر هەردوو ڕەگەزەکە لە نێر و مێ دەخاتە ئاپۆرەوە.

(١٤) خۆئاشکراکردن: لە دەروونناسی ئەرێنیدا بابەتێکی گرنگە و تێیدا ئاماژە بەوە دەکرێ ئەو کەسەی بەو ئاستە بگات، ئەوە بوونی خۆی ناسیوە و توانایی ئەوەی هەیە وەک هەیە بۆ خۆی و ئەوانی تر و دنیا دەرکەوێ.

(١٥) الدكتورة محمد رياحي رشيدة، (٢٠١٢)، هيجل والشرق، ابن النديم للنشر والتوزيع ودار الروافد الثقافية — ناشرون - بيروت، ط١، ص٢٥.

**سەرنج:**

ئەم نووسینە لە فیستیڤاڵی ڕامان، ڕۆژی ٢٠٢٣/١١/٣٠، لە پانێڵی ئەدەب و سیاسەتی کولتووری، پێشکەش کرا.

**(ڕامان)**